فەرماندەیەکی باڵای سوپای تورکیا لە خاکی هەرێمی کوردستان بریندار بوو و گیانی لەدەستدا

فەرماندەی سوپای تورکیا عەبدوڵا چیم دەمیرکان کە بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکی چێنراو لەناوچەی ئێپڕاسیۆنی سوپای تورکیا "کۆاو-لەک" لە هەرێمی کوردستان بریندار بوو ڕۆژی هەینی گیانی لەدەستدا.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێکی وەزارەتی بەرگری تورکیا، موقەدەم عەبدوڵا چیم دەمیرکان کە لە 4ـی تەمووز لە ئێپڕاسیۆنی "کۆاو-لەک" لە ناوچەی بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکی چێنراو بریندار بوو و لە نەخۆشخانەی گوهان چارەسەری وەردەگرت، بەڵام بەهۆی سەختی برینەکانی دوێنێ هەینی گیانی لەدەستداوە.

چێندین ساڵە سوپای تورکیا لەخاکی هەرێمی کوردستان بوونی هەیە و زیاتر لە چل بارەگای سەربازی بەخێی و هێزەکانی لە پارێزگای دهۆک و ڕۆژهەڵاتی هەولێر دروستکردووە بە بیانوی بوونی پارتی کرێکارانی کوردستان، لەکاتێکدا هەرشە فڕۆکەوانیەکانی تورکیا بوونە هۆی کوژرانی زیاتر لە 130 هاوڵاتی سڤیلی هەرێمی کوردستان لەماوەی هەشت ساڵی ڕابردوودا و لەسەرتای ئەمساڵ بەگوێرەی ئامارە پشتڕاستکراوەکان، 11 هاوڵاتی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان بەهۆی هەرشەکانی تورکیا گیانیان لەدەستداوە کە ئەمانە تەنها ژمارەی ڕاگەیەندراوەکانە، لەبەرامبەردا چێندین هاوڵاتی تری مەدەنی لە

شنگال و لە ڕۆژئاوای پارزگای نینەوا کراونەتە ئامانج.